هاوپەیمانی
بۆ قەرەبووکردنەوەی
دادپەروەرانە

ژمارە ١٣

تشرینی دووەم ٢٠٢٥

## سێزدەهەم هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە

# یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردەوەی دادپەروەرانە، بە بەردەوامی هەواڵنامە بڵاو دەکاتەوە بە مەبەستی هاوبەشکردنی زانیاریی درووست و نوێکراوە لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی. هەروەها بۆچوون و ئەزموونەکانی هەموو ئەو لایەنە کارایانەی لە جێبەجێکردنیدا بەشدارن دەخاتە ڕوو. ئەمەش بەمەبەستی بۆ خستنەبەرباسی ئەو دڕندەییانەی داعش لە عێراق ئەنجامی داون.

## نوێترین هەواڵەکان لەبارەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدییەوە

### ئاماری داواکارییەکان

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕایان گەیاند بڕەپارەی قەرەبوو بۆ ٢،٢١٦ سوودمەند لە ڕزگاربووانی دەستی داعش لەچوارچێوەی (یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی)دا لە مانگی تشرینی یەکەم خەرج کراوە. دەتوانن وردەکاریی زیاتر لەو بارەیەوە ببینن: tinyurl.com/yptfc26z

### جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

#### نوێکارییە گرنگەکان

بەڕێوەبەرایەتیی پرۆگرامێکی وانەوتنەوە و خوێندەواری بۆ سوودمەندانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی ڕادەگەیەنێت

بەڕێوەبەرایەتی  بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM) و ڕێکخراوی  (TdH)، پرۆگرامێکی نوێی فێرکاری و خوێندەواری بۆ پشتگیریکردنی ڕزگاربووان دەست پێ دەکات. پرۆگرامەکە هەموو قۆناخەکانی خوێندن دەگرێتەوە و وانەی تایبەت بۆ بەهێزکردنی ئاستی تێگەیشتن و فێرکردنی خوێندەواری لەخۆ دەگرێت. لە ئێستادا پرۆگرامەکە لە شەنگال و دهۆک و موسڵ کارایە. هەموو ئەو ڕزگاربووانەی لە چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا قبووڵ کراون، مافی بەشداریکردنیان تێیدا هەیە. ڕزگاربووان دەتوانن بۆ ناوتۆمارکردن پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتییەوە بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی ٠٧٥١١٠٠٢٩٧٧. یان لە ڕێگەی پەڕەی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتییەکەوە لە فەیسبووک پەیوەندی بکەن. لێرەوە زیاتر بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/tfzymkys



ڕێکخراوی TdH بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە و بە پشتیوانیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ، دەستیان بە پرۆگرامی وانەی تایبەت بۆ بەهێزکردنی ئاستی تێگەیشتن و پرۆگرامی فێرکردنی خوێندەواری بۆ ڕزگاربووان کردووە. وێنەکە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان وەرگیراوە.




### هەواڵی پەیوەندیدار

▪ لە نوێترین ئەڵقەی پۆدکاستەکەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانەدا کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (زیاتر لە مەرەکەب لەسەر کاغەز) گفتوگۆ دەکرێت لەگەڵ (پزیشکانی تایبەت مافەکانی مرۆڤ) سەبارەت بە باشترکردنی بەبەڵگەنامەکردنی حاڵەتەکانی ئەشکەنجەدان و توندوتیژیی سێکسی پەیوەست بە ململانێکانەوە. ئەو ئەڵقەیەی پۆدکاستەکە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی چۆن پزیشکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ ڕەزامەندی بەرچاوڕوونانە و شێوازەکانی چاوپێکەوتنی هەستیاری تایبەت بە زەبر بەرەوپێش دەبەن بۆ ڕێگریکردن لەو ڕێکارە زیانبەخشانەی ڕزگاربووان کاتێک لە چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن، زۆرجار تووشیان دەبن. ڕێکخراوی پزیشکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ڕاهێنانەکانی ئەم دواییەی خۆی کە لە دادگای تێهەڵچوونەوەی نەینەوا لە موسڵ پێشکەش کرد و تێیدا ٢٢ دادوەر و لێکۆڵەری دادوەری بەشدارییان کرد و لەنێویاندا سەرۆکی لیژنەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی و بەڕێوەبەری گشتی هەبوون. یەکێک لە نوێنەرەکانی ڕێکخراوەکە وتی "ئەمە یەکەم ڕاهێنانی لەم جۆرەی ئێمە بوو؛ وەک ڕێکخراوەکەشمان، بەڕاستی هیواداریین ئەم دانیشتنانە بەردەوام بن. بەڵام کاری لەپێشینەی ئێستامان تەواوکردنی ئەو ڕێبەرییەمانە کە تایبەتە بە ڕزگاربووان و ئێستا خەریکی داڕشتنیین." ئەڵقەکە ئاماژە دەکات بەو پێشکەوتنە مانادارەی لەم بوارەدا بەدەست هاتووە، لە هەمان کاتیشدا ئەو ئاڵنگارییانە دەخاتە ڕوو کە هێشتا هەن، بەم شێوەیە جەخت لەسەر پێویستیی هەبوونی کاری هەماهەنگ و شکۆپارێزانە و زانستی دەکاتەوە بۆ هێنانەکایەی دادپەروەری بۆ ڕزگاربووان. لێرەوە گوێ لە تەواوی ئەڵقەکە بگرن: https://tinyurl.com/zpt8c582

▮ ڕێکخراوی سید بە هاوبەشی لەگەڵ هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە، ڕێبەرییەکی نوێی پراکتیکی بڵاو کردووەتەوە بۆ یارمەتیدانی ئەو پارێزەرانەی کار لەسەر دۆسییەکانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دەکەن. ناونیشانی ڕێبەرییەکە بریتییە لە (تانەدان بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی: ڕێنمایی بۆ پارێزەران). ڕێبەرییەکە چۆنیەتیی تۆمارکردنی تانەدان ڕوون دەکاتەوە، هۆکارە باوەکانی ڕەتکردنەوە دەخاتە ڕوو، هەروەها مەرجە سەرەکییەکانی شایستەبوون و وەرگرتنی بەڵگەش ڕوون دەکاتەوە. ئامانجی بڵاوکراوەکە بەهێزکردنی تواناکانی پارێزەرانە بۆ داکۆکیکردن لەو ڕزگاربووانەی داواکارییەکانیان ڕەت کراونەتەوە، بەم شێوەیەش ڕێبەرییەکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی هەموو ڕزگاربووانی شایستە دەتوانن دەستیان بەو قەرەبووانە بگات کە بەپێی یاساکە بۆیان زامن کراون. ڕێبەرییەکە بە زمانەکانی ئینگلیزی، کوردیی سۆرانی و عەرەبی لەسەر ئەم بەستەرە بەردەستە:
https://www.seedkurdistan.org/reintegration-of-survivors-of-isis/yslguidance/.




## هەوڵەکان بۆ لێپرسینەوە

▮ ڕۆژی 13ی تشرینی دووەم دادگای ئاسیز لە برۆکسل، ئەندامی داعش (سامی جەدۆ)ی بە تاوانی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی سزا دا، بەهۆی بەشداریی ناوبراو لە دڕندەییەکانی داعش دژی کۆمەڵگەی ئێزدی. کەیسەکە "لە ئامادەنەبوونی تاوانباردا" بەڕێوەچوو، بەو پێیەی دەگوترێت جەدۆ لە هێرشێکی ئاسمانیدا لە ساڵی ٢٠١٦دا لە ڕەقە کوژراوە. ئەم بڕیارە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو هێنانەکایەی دادپەروەری بۆ ڕزگاربووانی ئێزیدی و ئەو کۆمەڵگانەی دیکە کە کاریگەریی تاوانەکانی داعشیان لەسەرە، لە هەمان کاتیشدا دانپێدانانێکی نێودەوڵەتییە بەو دڕندەییانەی ئەنجام دراون و جەختیش دەکاتەوە لە پێویستیی بەپەلەی هەوڵە بەردەوامەکان بۆ لێپرسینەوە. لێرەوە زیاتر لەسەر ئەم دادگاییکردنە مێژووییە بخوێنەرەوە:
https://www.yazda.org/historic-verdict-in-brussels-first-european-man-convicted-of-yazidi-genocide.

▮ هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و نیگەرانیی خۆی دەربڕی سەبارەت بە ئەگەری هێنانەناوەوەی تاوانبارانی تاوانە دڕندەییە بەکۆمەڵەکان بۆناو یاسای لێبوردنی گشتی. هاوپەیمانییەکە داوا لە حکومەت و دەسەڵاتی دادوەریی عێراق دەکات بەپەلە پێداچوونەوە بەو دۆسیانەدا بکەن کە لە لیستەکەدا هاتوون ئەوەش بە ئامانجی دڵنیابوونەوە لە پابەندبوون بە یاسا نیشتمانییەکان، ڕێگریکردن لە هەر تاکێک کە بەشدار بووە لە تاوانە دڕندەییە بەکۆمەڵەکان لە سوودمەندبوون لە لێبوردن، هەروەها لێپرسینەوە لە تاوانە نێودەوڵەتییەکانی داعش لە پرۆسەیەکی دادگاییکردندا کە دادپەروەرانە و ڕوون و ڕزگاربوو-سەنتەری بێت. لێرەوە تەواوی بەیاننامەکە بخوێنەرەوە: https://c4jr.org/0411202530544.

▮ لە ٤ی تشرینی دووەم دادگاییکردنی کۆمپانیای فەرەنسیی لافارج دەستی پێ کرد. کۆمپانیاکە، کە یەکێک لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی چیمەنتۆ لە جیهاندا، ڕووبەڕووی تۆمەتی دابینکردنی پاڵپشتیی دارایی بۆ تیرۆر و پێشێلکردنی سزا نێودەوڵەتییەکان کراوەتەوە. داواکارانی گشتی دەڵێن کۆمپانیای لافارج پارەی بە گرووپە چەکدارەکان داوە، لەنێویاندا داعش، بۆ ئەوەی کارگەکەی لە سووریا لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣ تا ئەیلوولی ٢٠١٤ کار بکات. ئەم کەیسە گرنگە دەری دەخات چۆن دەکرێت دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵیان هەبێت لە هێنانەکایەی کارەساتدا لەو ناوچانەدا کە جەنگیان تێدایە، لە هەمان کاتدا جەختکردنەوەشە لەوەی دەکرێت کۆمپانیاکان بەرپرسن بن لە دابینکردنی پاڵپشتیی دارایی بۆ تیرۆر. لێرەوە زیاتر لەسەر دادگاییکردنەکە بخوێنەرەوە:
https://www.yazda.org/lafarge-on-trial-in-france-a-landmark-case-for-corporate-accountability-in-the-financing-of-terrorism



## ئاستەنگەکان

لە هەر ژمارەیەکی هەواڵنامەکەماندا، تیشک دەخەینەسەر ئەو ئاستەنگە سەرەکیانەی ڕزگاربووان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە. لە مانگی ئۆکتۆبەردا، نوێنەرانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە گرووپێکی گفتوگۆکردنیان لەگەڵ ڕزگاربووانی تورکمان لە تەلعەفەر ڕێکخست بۆ بەبەڵگەنامەکردنی ئەزموونەکانی ئەو ڕزگاربووانە لە دەستڕاگەیشتنیاندا بەو ماف و یارمەتییانەی یاساکە پێیان دەبەخشێت. بەشداربووان باسی چەندین بەربەستی بەردەوامیان کرد کە لە دەستڕاگەیشتنیاندا بە مافی قەرەبووکردنەوەیان لە چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا دێنە بەردەمیان.

ڕزگاربووانی تورکمان ئاماژەیان بەوە کردووە کە زانیاریی تەواویان لەبارەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیەوە نە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکەوە پێ دراوە نە لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە کە کار دەکەن بۆ باشترکردنی دەستڕاگەیشتنی ڕزگاربووان بە یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی. ئەم نەبوونی پەیوەندییە، وای کردووە ڕزگاربووان لە مافەکانیان و ئەو ڕێکارانەش کە پێویستن بۆ بەدیهێنانیان تێنەگەن. ئەمەش زانیارییەکانی تایبەت بە شایستەییی ڕزگاربووان دەگرێتەوە. هەندێک لە ڕزگاربووان ئاگاداری ئەوە نەبوون بەهۆی مەرجی تەمەن یان ڕێکەوتی ڕفاندنەکەیانەوە یاساکە نایانگرێتەوە، بۆیە بەردەوام بوون لە پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری و بێگومان دواتریش داواکارییەکانیان ڕەت کراونەتەوە.

ڕزگاربووان جەختیان لەوە کردەوە پێویستە شایستەبوونی ڕزگاربووانی تورکمان لە یاساکەدا تەنیا لەسەر بنەمای ئەزموونی ڕفاندن بێت. جەختیان لە گرنگیی فراوانکردنی یاساکە کردەوە بۆ ئەوەی هەموو ڕزگاربووانە بگرێتەوە کە لە لای داعش دیل بوون، بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی هیچ تاکێکی شایستە لە ماف و قەرەبووەکان بێبەش نابێت. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی بەربەستەکانی ڕزگاربووان بۆ دەستگەیشتن بە یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی، لێرەوە ڕاپۆرتی ساڵانەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/n59x4b2p

ڕزگاربووان ئاماژەیان بەوەش کردووە کە چەند بڕگەیەکی سەرەکیی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی هێشتا جێبەجێ نەکراون. لە ئێستادا هیچ لقێکی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە تەلعەفەر نییە، ئەمەش ڕزگاربووان ناچار دەکات هەر جارێک کارێکیان بە بەڕێوەبەرایەتییەکە بوو، سەفەر بۆ موسڵ بکەن، ئەمەش بارگرانییەکی دارایی و لۆجستیکیی زیادە لەسەریان دروووست دەکات. هەروەها ڕزگاربووانی تورکمان ئاماژەیان بە نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە تەلعەفەر کردووە، وەکو فێرکاری و دەستپێشخەری بۆ بنیاتنانی تواناکان. ڕزگاربووان جەختیان لە گرنگیی هەبوونی هاوکاریی چالاکانەی نێوان ڕێکخراوە ناوخۆییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکە کردەوە بۆ فراوانکردنی دەستڕاگەیشتنی ڕزگاربووانی تورکمان بە دەرفەتی پەروەردەیی و پیشەیی.
هەروەها چەندین ڕزگاربوو، وەک سوودمەندانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی، نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بە پرسی سنووردارکردنی دوو مووچەیی خستەڕوو. ڕزگاربووان دەیانەوێت داوای کاری حکومی بکەن بەبێ ئەوەی پێویست بکات دەستبەرداری ئەو قەرەبووە بن کە یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی بۆیان دابین دەکات. ئەوان دەڵێن ئەم سنووردارکردنە توانای ئەوان بۆ بەدواداچوونی پلانی درێژخایەن و سەقامگیریی ئابووری سنووردار دەکات. لێرەوە هەواڵنامەی ژمارە ٩ی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە سەبارەت بە یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی، بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/mr3xc75j

ئەو ڕزگاربووانەی پارچە زەوییان وەرگرتووە نارەزاییی خۆیان لە شوێنی زەوییەکە دەربڕی و ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەو ناوچانە کەس تێیاندا نیشتەجێ نییە و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانیان نییە. بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدی ڕاوێژ بە ڕزگاربووان نەکراوە سەبارەت بە شوێنی پەسەندکراویان بۆ وەرگرتنی پارچە زەوی، ئەمەش بەهۆی نەبووی ڕێبازێکی کارکردنی ڕزگاربوو-سەنتەر.

ڕزگاربووانی تورکمان ڕایان گەیاندووە کە هەست دەکەن نوێنەراتیکردنیان لە هەردوو کۆڕبەندە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا بەپێی پێویست نەبووە. ئاماژەیان بەوەش کرد ساڵانە تەنیا یەک ڕزگاربووی تورکمان بانگهێشت دەکرێت بۆ بۆنەی یادکردنەوەی جینۆساید کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە ڕێک دەخرێت، ئەو یەک بەشداربووەش دەرفەتی قسەکردن یان بەشداری چالاکانەی نادرێتێ. ڕزگاربووان جەختیان لەسەر پێویستی و گرنگیی هەبوونی نوێنەرایەتیکردنێکی مانادار و بەشداریی چالاکانە لە هەموو بۆنە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکاندا کردەوە.

وەک هەوڵێک بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەم نیگەرانییانە، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە پێشنیاری ئەوە دەکات بەڕێوەبەرایەتییەکە هەوڵەکانی خۆی بۆ گەیشتنە ڕزگاربووان و پێدانی هۆشیاری پێیان بەهێز بکات، ئەوەش بە ئامانجی دڵنیابوون لەوەی هەموو ڕزگاربووان زانیارییە ڕوون و گشتگیرەکانیان سەبارەت بە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی پێ دەگات، لەوانەش شایستەبوون، پێشکەشکردنی داواکاری و ڕێکارەکانی تانەلێدان. سەرەڕای ئەوانەش، پێویستە پێش ئەوەی ڕێوشوێنی چاکسازیی جۆراوجۆر بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، ڕاوێژ بە ڕزگاربووان بکرێت، نەک تەنیا دوای بڕیاردان لە ڕێوشوێنەکان ڕزگاربووان ئاگادار بکرێنەوە. دامەزراندنی لقێکی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە تەلەعفەر دەبێتە هۆی باشترکردنی دەستڕاگەیشتنی ڕزگاربووان بە مافی قەرەبووکردنەوەیان، لە هەمان کاتدا، بەرزکردنەوەی هەماهەنگیی نێوان بەڕێوەبەرایەتییەکە و کۆمەڵگەی مەدەنی لە تەلەعفەر ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە دابینکردنی پێویستییە پەروەردەیی و پیشەییەکانی ڕزگاربوواندا. هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە دووپاتیشی دەکاتەوە پێویستە یاساکە هەموو ڕزگاربووانی دیلی دەستی داعش و ڕووداوەکانی کوشتنی بەکۆمەڵ لەخۆ بگرێت. جگە لەوەش، پێویستە نوێنەرایەتیکردنێکی ماناداری ڕزگاربووانی تورکمان لە کۆڕ و کۆڕبەندە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکاندا بکرێتە کاری لەپێشینەدا، دەرفەتی بەشداریکردنی کارایان پێ بدێت و لە پرۆسەکانی بڕیاردان و داکۆکیکردندا ڕایان وەربگیرێت.

بۆ پشتگیریکردنی ڕزگاربووان لە زاڵبوون بەسەر ئاستەنگیەکاندا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبوکردنەوەی دادپەروەرانەپاڵپشتیی یاسایی پێشکەش بە ڕزگاربووان دەکات بۆ پێشکەشکردنی داواکاریەکانیان لەچوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا.
ئەگەر خۆت یان کەسێک دەناسیت پێویستی بە پشتگیری یاسایی هەبێت، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە.

legalaid@c4jr.org +9647508516311

**هاریکاریی یاسایی**

## چیرۆکی سەرکەوتن

**بەرزکردنەوەی هۆشیاریی یاسایی و کۆمەڵایەتی سەبارەت بە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی- ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی**

ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی ساڵانێکی زۆرە کار دەکات بۆ بەرزکردنەوە هۆشیاریی گشتی لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، ئەمەش وای کردووە زۆرێک لە ڕزگاربووان زانیاریی پێویست بەدەست بهێنن بۆ ئەوەی داواکاری پێشکەش بکەن و بە تەواوی لە مافەکانیان تێبگەن. دەکرێت دەرئەنجامەکانی ئەم هەوڵانە لە ڕێگەی چیرۆکی دوو ڕزگاربوووەوە کورت بکرێنەوە: ڕزگاربوویەکی شەبەک و ڕزگاربوویەکی ئێزدی.

لە سەرەتادا ڕزگاربووی یەکەم هیچی لەسەر یاساکە و سوودەکانی و چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ قبووڵکردنی لە چوارچێوەی یاساکەدا نەدەزانی. لە ڕێگەی هەڵمەتێکی هۆشیارییەوە، کە لەلایەن خۆبەخشانی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادییەوە لەو گوندەدا ئەنجام درا کە ڕزگاربووەکەی لێ نیشتەجێ بوو، ڕزگاربووەکە زانیاریی لەسەر یاساکە وەرگرت. دوای پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوەکەوە، ڕەوانەی گرووپێکی هاوبەش کرا کە هاوکاریی یاسایی پێشکەش بە ڕزگاربووان دەکرد. بە پشتیوانیی ئەوان، ڕزگاربووەکە داواکاریی پێشکەش کرد و ئێستا داواکارییەکەی لەژێر پێداچوونەوەدایە.

ڕزگاربووی دووەم، بەهۆی ونبوونی هەندێک لە بەڵگەنامەکانییەوە لە پڕکردنەوەی داواکارییەکەیدا تووشی کێشە بووەوە. دوای ئەوەی لە ڕێگەی هەڵمەتێکی هۆشیاریی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادییەوە زانیاریی دەربارەی یاساکە وەرگرت، داوای هاوکاریی کرد. دۆسیەکەی ڕەوانەی ڕێکخراوێکی هاوبەش کرا کە یارمەتیی یاسایی پێشکەش دەکرد، پارێزەرێکیش دەستنیشان کرا تا لە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی پێویست و تەواوکردنی پرۆسەی داواکاریدا یارمەتیی بدات. بەم پشتگیرییە، بەپێی یاساکە بەسەرکەوتوویی داواکاریی پێشکەش کرد و توانی دەستی بە مافە شایستەکانی خۆی بگات.

ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی بەردەوامە لە پاڵپشتیکردنی ڕزگاربووان بۆ دەستڕاگەیشتنیان بە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی لە هەرێمی کوردستان و عێراق.
ڕزگاربووان دەتوانن پەیوەندی بە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادییەوە بکەن لە ڕێگەی هێڵی گەرمی ڕیکخراوەکەوە لەسەر ژمارە تەلەفۆنی ٩٦٤٧٧٠٣٣٨٨٩٦٨٠ یان + ٩٦٤٧٧٠١٦٠٩٢٨٦٠، یان لەڕێگەی سەردانکردنی نووسینگەکانیان لە هەولێر و نەینەوا، یان لەڕێی ئیمەیڵی
.muhannad.shaker@pfo-ku.org

## لە هەواڵنامەی داهاتوودا

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لەم دواییانەدا دەستی کرد بە ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی نوێ لەسەر ڕادەی ڕازیبوونی ڕزگاربووان لەو قەرەبووە داراییەی بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بۆ ڕزگاربووان دابین کراوە. ئەم ڕاپرسییە ئامانجیەتی کاریگەرییەکانی ئەم قەرەبووانە لەسەر ژیانی ڕزگاربووان و خۆشگوزەرانیی گشتی هەڵبسەنگێنێت، هەروەها ئەو بوارانەش دەستنیشان بکات کە دەتوانرێت ڕێوشوێنەکانی قەرەبووکردنەوە باشتر بکرێن. نوێکارییەکان لەسەر بەرەوپێچوونەکانی ڕاپرسییەکە و دەرئەنجامەکانیشی لە هەواڵنامەکانی داهاتوودا بڵاو دەکرێنەوە. چاوەڕوانی زانیاریی زیاتر بن!

## هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!
## ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

### ئەگەر تۆ سەر بە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوەیت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:

- ئەو ژن و کچە ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، یان تورکمانانەی لەژێر دەستی داعشدا دیل بوون و ڕزگاریان بووە؛
- ئەو منداڵە ئێزدییە ڕزگاربووانەی لە کاتی ڕفاندنیاندا تەمەنیان لە خوار هەژدە ساڵەوە بووە؛
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، یان تورکمانن و لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کوشتنی بەکۆمەڵی داعش ڕزگاریان بووە.*

### داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شەنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن: ur.gov.iq/login بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەمەشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: tinyurl.com/53xtt4zv
- پڕکردنەوەی فۆڕم و بردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە: tinyurl.com/3rrfdhf2

دەتوانیت بە تەنیا خۆت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەشکردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت.

دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگات لە ئاگادارییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە بێت: tinyurl.com/5b567sp7

* تکایە ئەوە بزانن لە کاتێکدا ئەم وردەکارییانە ڕەنگدانەوەی دەقی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدین، بەڵام هەندێک بڕگە لە پراکتیکدا بە شێوەیەکی بەرتەسکانە لێکدانەوەیان بۆ کراوە. بۆیە زۆر بەجیدی پێشنیار دەکەین کاتێک داوا پێشکەش دەکەن بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی یان تانە لە بڕیارەکانی دەدەن، داوای یارمەتیی یاسایی پرۆفێشناڵ بکەن.

## دەربارەی ئێمە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) هاوپەیمانییەکە لەنێوان 32 ڕێکخراوی ناحکومیدا بەستراوە، کە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ قوربانیانی سیڤیلی تاوانکارییە دڕندانەکانی سەردەمی شەڕی داعش لە عێراق دەکەن. ئەم هاوپەیمانییە پشت بەیاساکانی عێراق و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی ڕزگاربووان، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی قەرەبووەکاندا. هاوپەیمانییەکە کار دەکات بۆ ئاگادارکردنەوە و داکۆکیکردن و خستنەڕووی چارەسەرە گونجاوەکان، هەروەها بۆ بەشدارییپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان لەپێناو دڵنیابوون لەوەی ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدی دەهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی بۆشاییەک بۆ وردبینی و هاوکاری و بیرکردنەوە.

www.c4jr.org
info@c4jr.org
/C4JRorg